# دكتۆر كەماڵ مەزهەر كورد تاوانبار دەكات شانازیش بە عەرەبەوە دەكا ... باوكی دانا

هۆكاری دووا كەوتنی كورد لە هەمۆ دونیادا زیاتر دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی هەمۆ كات كورد خۆی بەكەمتر دەزانی لە ئاستی نەتەوەكانی دونیادا دروست بونی ئەم هەستە لە لای كورد دەگەرێتەوە بۆ ئەو كاسایەتیانەی ناویان لێنراوە سەرۆك عەشیرەت و دەسەڵاتدارانی جولانەوەی چەكداری و سیاسی كورد هەروەها ئەوانەی بە ناوی رۆشنبیرانی كوردەوە ناو براون ئەم هەست كردنە رەنگی داوەتەوە لە ناو نەوەكانی كوردا تا رادەیەك وەك كەلتورێكی لێهاتووە لە ناو كوردستان و دەرەوەی كوردستاندا ئەگەر ورد بینەوە لە رۆشنبیران و دەسەڵاتدارانی ئەمرۆی كورد ئەوە دەبینین كە هەست بەكەم بونی خویان دەكەن و شەرمنن.

راستی ئەوەی سەنجی راكێشام شەوی 14لەسەر 15 ی مانگی یانزەی 2005 كاتژمیر پاش دوانزەی شەوبە كاتی ئەورۆپا لە كەناڵی كۆنە بەعسیەكانەوە كەناڵی ( (الشرقیە) ) ی عیراقی وە چاۆ پیكەوتنیك لەگەل دكتۆر كەمال مەزهەر ئەنجام درا یەكی لەو نوسینانەی دكتۆر زۆر بە شانازیەوە باسێ دەكرد ئەو نوسینەیە كە كوردی تیدا تاوانبار كردووە بەوەی كورد دەستی لە قەتل و عامی ئەرمەنەكان هەبووە شانازی بەوەشەوە كرد كە ئەو نوسینەی بروانامەی ماجستیریشی پێ وەرگیراوە هەر ئەو نوسینەی دكتور وەرگێراوەتە سەر زمانی توركی فارسی ئینگلیزی روسی فەرەنسی ئەمەشی بە شانازیەوە باس دەكرد بەڵام ئاشكرای نەكرد ئەو لایەنە كی یە ئەو نوسینەی وەرگیراوەتە سەر ئەو زمانانە دور نیە تورك ئەو كارەی كردبی بۆ بەریز دكتور مەزهەر هەروەها دۆكتور فەرموی زۆر كەس رەخنەو گلەیی ئەوەیان لێكردم بۆ كوردم تاوانبار كردە لە قەتل و عامی ئەرمەندا بەڵام بەرای دۆكتور ئەوە راستیەكەو واقیعانە من نوسیومە ئەگەر منیش نەم نوسیایە كەسێكی تر دەینوسی ئەم كارەی دوكتۆر خزمەتیكی زۆری توركی كردووە زۆریش خەڵكی تێگەیاندووە كە كورد ئەو قەتل و عامەی ئەنجام داوە ئەمەش بە ئیعترافی ناوداریكی میژو نوسی كورد بڵاۆ كراوەتەوە بە چەندین زمانیش چاپ كراوە دەیان ساڵە هەمو دونیا توركیان تاوانبار كردە بە قەتل و عامی ئەرمەن بەڵام دكتور بە شانازیەوە ئەو بارە گرانەی لەسەر تورك ئاسان كردەوە دایە سەر كۆڵی كورد لە كاتیكدا كورد تاكو ئیستاكە نە خاوەنی دەسەڵاتێكی سەربەخۆ بووە نە خاوەنی وولاتی خۆیەتی. راستیەك هەیە ناشاریتەوە هەمۆ كەس دەتوانی لەسەر لاشەی زیندوو مردوەكانی كورد ناودار بێت لە دونیادا.

لە خاڵێكی تردا دكتۆر باسی ئەوەی كرد لەكاتی مەلیكدا دەرگاكان بۆ كورد كراوە بوو وەك ئەوەی كورد وەزیری هەبۆ لە پەرلەمان دەسەڵاتی هەبۆ ووتی هەرچەندە دەسەڵاتی بەغدا سەركوتی جولانەوەی كوردی دەكرد لیرەدا دكتۆر وا نیشانی دەدا كە شیخ مەحمود بە هەڵە دژی بەغدا شورشی دەكرد ئەوەی دكتور باسی دەكرد هیچ جیاوازیەكی نەبووە لەگەل ئەوەی سەدام دەیكرد وەزیری كورد هەبۆ پەرلەمانی كوردیش بە بەرگی كوردیەوە لە پەرلەمان دا دەنیشت لە بەغدا

لە خاڵیکی تردا دوکتۆر زۆر بە شان و باڵی ناودارانی عەرەبدا هەڵی دەدا بێژەرەکەی شەرقیە زیاتر دەیویست ناوی کورد بهینی دوکتۆر ئیساکەش ئەو چەترەی هەلگرتە کە لە روسیا باران بباری هەڵی دەدا ئەوەندە هەڵی دا بەسەر یەکیتی سوڤیەت و روسیای ئیستا ئەگەر کەسانیك بێ ئاگا بێت لە دونیا دەچیتە روسیا ژیان بەسەر بەرێت دکتور فەرموی هەمۆ هەڵسو کەوتنەکانم بە قەناعەتەوە بۆ یەك بونی وولاتی عیراقە وە شانازیش بە زمانی عەرەبیەوە دەکەم پرسیار بۆ بەریز دۆکتور کەمال 35 ساڵ لە ژیر دەسەڵاتی سەدام چی بۆ نەتەوەکەی کرد وا کورد تاوانبار دەکات بە قەتل و عامی ئەرمەن وە لە رۆخاندنی سەدامەوە چێ لەسەر جینوسایدی کورد نوسیوە لە لایەن عەرەب و تورك فارسەوە بە زمانی عەرەبی و تورکی فارسی فەرەنسی ئینگلیزی وەریگێرابی وەك ئەوەی دژی کورد نوسیویەتی بەریز دوکتۆر کەمال دەیان پرسیاری تر هەیە ئەگەر وولامت لا هەبێت .

( (باوکی دانا) )